
# بیتوێن...خاکی دێرین و شوێنەواری بە بەها

مامۆستا رافیدە عبداللە قەرەداغی

پێشەکی:
حەوزی دوکان و دەشتە بە پیتە فراوانەکەی سێگۆشە هەڵکەوتووە، سەرێکی بەنداوی دوکانە(کە بەناوی گوندێکی ناسراوەوە ناونراوە)،لایەکانی تری ئەم دەشتە دەکەوێتە ناو چیاکانی باکوری رۆژهەڵاتی وڵاتەوە(چیای کێوەرەش لە باکورو ئاسۆس لە باشورو باشوری رۆژهەڵات چیای کۆسرەت لە بەشی رۆژئاوا).
زێی بچووك دوای تێپەربوونی بەو دەربەندە یان




شوێنەوارەکانی حەوزی دوکان

دەروازەیەکە(رەمکان) ناسراوە،دەشتێکی تری بە پیت(ناودەشت) بەجێدێڵێ و دەرژێتە دەشتی بیتوێن،لێرەش دەشتەکە دەکاتە دوو لەتەوە،بەشی رۆژئاوای کەبە( بیتوێن)ناسراوەو شاری (رانیە)دەکەوێتە بەشی باکوریەوە.بەشی رۆژهەلاتی بە دەشتی بنگرد( بە ناوی ناحیەی بنگرد) یان دەشتی مەرگە(ناوی گوندێکی جوانی سنوری رۆژهەڵاتی دەشتەکەیە) ناسراوە.[1]
لە هەڵمەتێکی تایبەت بە پشکنینی بەرفراوانی ناوچەی گۆمی دوکان و دەستی بیتوێن-رانیە- لە ساڵی ١٩٥٤-١٩٥٥ ژمارەیەك گردی شوێنەواریی(الأثرية)لێ دەست

[1]- مجلة سومر. تقديم. ١٩٦٠ ، المجلد السادس ، ص ١ .

نیشان کرا.(نزیکەی ٤٠ گرد بوو)[*] ودەکەوتنە سنوری لافاوەوە،ئەوانە کەوتنە رزگارکردنی گرنگترین ئەو گردانە، ئەمەش بە ئەنجامدانی پشکنین وەکو:
١-گردی باموسیان: دەکەوێتە بەشی رۆژهەڵاتی زێ و (١٦) چینی خانوو(بیائی)لە خۆگرتووە،کۆنترین دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەرو(حلف)وکۆیلایەتی(العبید)و وەرکاو سەردەمە مێژووییەکانی دواتر،کەچینی سێیەم و چوارەم پاشماوەی دوو پەرستگای لێدۆزرایەوە،کە هی سەردەمی ئاشوری کۆنن(دوو هەزار ساڵ بەر لە زایین).
٢-گردی دێمە(تل الديمه): لە قەراغی رۆژهەڵاتی زێی بچووکە و گرنگترین سەردەمە ژیاریەکانی کۆیلایەتی(العبيد)،وەرکاو دوایی ئەکەدی و ئاشووری و حوریە.لێرەدا پەرستگایەك دۆزراوەتەوە کە دەگەڕێتەوە بۆ رۆژگاری ئاشوری‌یەکان.
٣-گردی کامەریان(تل كمريان): لە قەراغی رۆژهەڵاتی زێی بچووکەو گرنگترین سەردەمەکانی: حەسونەو سامەڕاو(حلف)و کۆیلایەتی و وەرکاودوایی هی سەردەمەکانی ئەکەدی و ئاشووری و حووری‌یە.
٤-گردی قورە شینە: دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای زێ و گرنگترین سەردەمەکانی کۆیلایەتیەو پاشماوەی دوو پەرستگای ئەو زەمانەی لێدۆزراوەتەوە لەگەڵ پاشماوەی سەردەمی وەرکا.
٥-گردی دووگردان:دەکەوێتە بەشی رۆژئاوای زێیەکەوگرنگترین سەردەمەکانی کۆیلایەتی و وەرکاو سەردەمی ئاشووری‌یە.
٦-گردی شمشارە:دەکەوێتە دەستی چەپی زێی بچووك، (١٦) چینی خانوولێدۆزراوەتەوە.لەسەردەمی چەرمۆوی و پێش سەردەمی گڵین (الفخار)ەوە دەست پێدەکات هەتا سەدەی دووەم و سێیەمی کۆچی، بە بەردەوامی ئەو ماوەیە ئاوەدان بووە.[2]

سەرەتای پشکنین
بۆ جاری یەکەم لەلایەن نێردراوێکی دانیمارکی‌یەوە لە ساڵی ١٩٥٧ پشکنینی بۆ کراوە،ئەم نێردراوە بەسەرۆکایەتی دکتۆر هارالدئەنکهولت پرۆفیسۆری زانکۆی (بێڵ)ی ئەمەریکی و ئەندامێتی دکتۆر یورگن لاسیسۆپریفیسۆری زانستە ئاشوری‌یەکان( علم الآشوريات)ی زانکۆی کۆپنهاگنی دانیمارکی و بەرێز خالید

* بروانە هێڵکاری ژمارە(١).

[2] - طه باقر، مقدمة تاريخ الحضارات القديمة،الجزء الاول ، الطبعة الثانية، ١٩٨٦ .